**سەبارەت بە کاونسڵی پارێزگای چارن وود**

چارن وود تێکەڵاوێکی سەرنج ڕاکێشی گوندی خۆش و هێمنە لەگەڵ شاری زانکۆیی پڕ هەرا و هەنگامە.

بە ژمارەی دانیشتوانی ١٦٤٠٠٠ کەسەوە، شارەکە یەک لە ناوچە گەورەکانی ئینگلتەرەیە. شوێنایەتییەکەی بریتییە لە سێ کوچکەیەک کە پێکهاتووە لە نۆتینگهام، لێستەر و داربی.

کاونسڵی خۆجێ یی ناوی 'کاونسڵی پارێزگای چارن وود' ە و ئێمە لەوێ، بەرپرسی ئەم ئەرکانەین:

* کۆکردنەوەی زبڵ و بەکار هێنانەوەیان
* خاوێنکردنەوەی جادەکان
* تەندروستی ژینگە (لەناوبردنی جانەوەری زیانبەخش، سەگەبەرەڵڵا، سەلامەتی خواردن، پارێزگاریی ژینگە، مۆڵەت دەرکردن، تەندروستی و سەلامەتی)
* کەرەسەی وەرزش و خۆشگوزەرانی (سەنتەری خۆشگوزەرانی، پارک، زەوینی یاری)
* هونەر و کەلتوور (موزەخانە، هۆڵی شارەوانی، گەشتی گوندەکان)
* دابینکردنی خانووبەرە
* بەرنامە و نەقشەی شار و گوند و کۆنتڕۆڵ کردنی بینایە
* پشتگیری کردنی کاروکاسبی تازە و دروستکردنی بازاڕی نوێ

لەکاتێکدا شتی وەک جادە، سۆشیال سەرڤیس، کاری قوتابخانەکان و پۆلیس، هەمووی لەلایەن کاونسڵی پارێزگای لێستەرشایرەوە بەڕێوە دەبرێن (شوێنی ڕێنومایی کردن لێرەیە 0116 305 6252)

**کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزاریی وەرگێری ئێمە**

ئێمە دەمانەوێت خزمەتگوزارییەکانمان لەبەردەست هەموو ئەوکەسانەدا بن کە لە چارن وود دەژین یا لەوێ ئیش دەکەن. دەزانین کە ئینگلیزی زمانی یەکەمی هەمووکەس نییە و هەر بۆیەش هەوڵ دەدەین ڕیزبەندێک لە هاسان کاریی تەرجەمە بە قسە یان بە نووسین، پێشکەش بکەین کە پێداویستییەکانی ئێوە دابین بکات.

<u>لە سەر تەلەفون</u>

ئەگەر بتەوێت پەیوەندی بە کاونسڵەوە بکەیت و زمانی یەکەمت ئینگلیزی نەبێت، ئێمە تەرجومانێک لەسەر تەلەفون ئامادە دەکەین. کاونسڵی ئێمە کەڵک لە خزمەتگوزارێیەکانی شەریکەیەک وەردەگرێت کە خزمەتی تەرجەمە لەسەر تەلەفون ئاڕاستە دەکات.

بۆ کەڵک وەرگرتن لەم خزمەتگوزارییە، تەلەفون بکە بۆ ژمارەی ٠١٥٠٩ ٦٣٤٥٦٠ ئینجا کاتێ کە پەیوەندی درای بە خزمەتگوزاییی مشتەرییەکانەوە، ئەم پرسیارانەت لێدەکەن....

* ژمارە تەلەفونەکەت
* ئەو زمانەی وا دەتەوێت قسەی پێ بکەیت
* ناوت

* هەروەها ئەگەر بگونجێت، سروشتی داواکارییەکەت لێدەپرسن بۆ نموونە، خانووبەرە بێت، یا نەقشە و پلان، یا بەنەفیت و هتد.

ئینجا وەرگێڕێک تەلەفونت بۆدەکاتەوە بۆئەوەی داواکارییەکەتمان بە تەواوەتی بۆ تەرجەمە بکات.
ئەوکەسەی وا لە بەشی خزمەتگوزاریی رێنومایی مشتەری خەڵک دەکات هەوڵی ئەوە دەدات ئەوەندەی بگونجێت کارەکەت بۆ جێ بەجێ بکات، بەڵام واهەیە بە گوێرەی چۆنایەتی و ئاڵۆزیی داواکارییەکە، پێویست بێت مەوعیدێکی دیکەت بۆ دیاری بکات بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چاوت بە فەرمانبەرێک بکەوێت کە بەرپرسی کارەکەیە و وەرگێڕیشت بۆ ئامادە بکرێت.

<u>سەردانی کاونسڵ</u>

ئێمە وەرگێڕی چەند زمانمان هەیە کە لە شوێنەکەدا تەرجەمە بۆ خەڵک دەکەن. ئەگەر نەتوانین وەرگێڕی زمانەکەی تۆ دابین بکەین، یا ئەگەر چاوپێکەوتنەکە بۆ بابەتێکی ئاڵۆز بێت یا درێژ بخایەنێت، واهەیە لە وەکالەی دیکەوە وەرگێڕ بهێنین. ئەوەش لەلایەن فەرمانبەرێکەوە ڕێک دەخرێت کە کارەکەی تۆ لای ئەوە. وەک جێگرێکی ئەم کارە، کاونسڵ دەتوانێ کەڵک لە تەرجەمەی سەر تەلەفونیش وەربگرێت، کە ئەویش لە سەنتەری خزمەتگوزاریی مشتەری، واتە لە بەشی پێشوازی لێکردنی سەرەکییە، و بۆ ئەو خەڵکانەیە کە بۆ ڕاگەیاندنی داواکارییەکەیان پێویستیان بە وەرگێڕ هەیە.

<u>تەرجەمەی بەڵگەنامەکانی کاونسڵ</u>

هەموو چاپکراوێکی خۆمان لە سەر کاغەز و بە دەنگ تەرجەمە دەکەین. بۆ دەست ڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەیەکی کاونسڵ بە زمانی دیکە، تکایە تەلەفون بکە بۆ ئەم ژمارەیە: ٠١٥٠٩ ٦٣٤٥٦٠

بۆ زانیاریی زیاتریش، تکایە تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارەیە بکە: ٠١٥٠٩ ٦٣٤٥٦٠ و ئامادە بە ژمارەتەلەفونی خۆت و ناوی ئەو زمانەی وا قسەی پێ دەکەیت. بە ڕاوێژکاری خزمەتگوزاریی مشتەری ڕابگەیێنیت.